www.kurdistannet.org

17-10-2006 20:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## به گومانم ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

1) بە گومانم لەوەی کە نەوشیروان مستەفا پێش وەخت بێ ئاگا بووبێت لەو گوللانەی نران بە حەمە سەعید حەسەنەوە، هەر وەك چۆن بە گومانم لەوەی کە تاوانباری ئەو ڕووداوە دادگاییەکی عادیلانە بکرێت و سزای تاوانەکەی وەربگرێت.

حەمە سەعید لەو کاتەوەی کە خەڵاتی دەزگای ئاراسی وەرگرتووە (کە زۆر شانازی پێوە ئەکات) وە بە تایبەت لەو کاتەوەی کە گەڕاوەتەوە و لە پاڵ کۆشکی یەکێك لە دزترین و ڕەشترین و سەرکوتکەرترین حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا خۆی مەڵاس داوە، بەم کارەی، زۆر لەسەنگی خۆی هێناوەتە خوارەوە، سەنگێك کە پێشتر هەیبوو بە تەواوی لە دەستی داوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بە بیستنی هەواڵی بەر گوللە دانی لە سەفەری یەکەمیدا پاش چەندین ساڵ بۆ ئەو شارەی کە خۆشترین شاری دنیایە لە لای، دڵم گوشرا و چاوانم پڕ بوو لە فرمێسك بۆی.

2) بە گومانم، کە ئەو لیژنەیەی لە سەر داوای مەسعود بارزانی، بۆ لێکۆڵینەوە لە لیستی سیخوڕەکانی بەعس پێکهاتووە، هیچ کارێکی لە دەست بێت بیکات لە دژی ئەو تاوانبارانە، ئاخر بارزانی کە خۆی پاڵەوانی 31ی ئابە، چۆن شەهامەتی ئەوەی هەیە کە سزای کەسانی تر بدات لە سەر سیخوڕی بۆ بەعس.

پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لە بەرامبەر تووڕەیی خەڵکی کوردستان و بۆ خۆڵکردنە چاوی ئەوانەوەیە، هەر وەك چۆن ئەو تەپوتۆزەی کە دروستی کرد لە سەر ئاڵای بەعس، نە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە بوو وە نە بۆ ئایندەی ئەوان بوو، بەڵکو ڕێك بۆ خۆدزینەوە لە داواکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و بۆ وەڵام نەدانەوە بەوەی کە بۆچی هێزە سەرکوتکەرەکانیان مانگرتنی کرێکاران و خەڵکی خۆپیشاندەر بە گولە وەڵام ئەدەنەوە.

3) بە گومانم لەوەی کە عەلی باپیر ئەڵێ من سیخوڕی بەعس نەبوومە و لە سەر ئەوەی ناوی لە لیستی سیخوڕەکانی بەعسدا بڵاوکراوەتەوە (هاوڵاتی) ئەدات بە دادگا.

ئاخر هەر هاوشێوەکانی ئەم عەلی باپیرە شەرواڵ کورتە، فەتوا دەرە، بیر کورت و ڕیش درێژە بوون کە لە سەردەمی بەعسدا لە مزگەوتەکانەوە بە پێی نامەکانی موخابەراتی بەعس بە شان و باڵی سەدامی ملهوڕدا هەڵیانئەدا.

پەرلەمانێك، پەرلەمان بێت عەلی باپیر ئەندامی نابێت، کە فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی ئەدات و شانازی بەوەوە ئەکات کە بە دەستی خۆی براکەی کوشتووە.

پارساڵ عەلی باپیر لە گفتوگۆیەکیدا لە گەڵ یەکێك لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا وتی، براکەی لە سەر ئەوە کوشتوە چونکە پیاوی بەعس بووە، بەڵام پێ دەچێت ڕێك پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێت، واتە لە سەر ئەوەی براکەی زانیویەتی عەلی پیاوی بەعسە، بۆیە کوشتویەتی.

4) بە گومانم لەوەی کە هیچ کام لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بە پارتی و یەکێتیی و هیچ کام لە وەزیرەکانی مافی مرۆڤی کۆن و نوێ، ناڕەزایەتیان دەربڕیبێت لە سەر ئیعدام کردنی، ئەو گروپە ئیسلامیە ڕەسەنە نێربازەی کە ناوی بەرپرسەکەیان زانا بوو.

بە پێیی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگتووەکان، سەنگاپور یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی کە تا ئێستا ئیعدامی بە شێوە زۆر کۆنە نا ئینسانییەکەی واتە (هەڵواسین بە پەت) دا، تیایدا ئەنجام ئەدرێت، ئەوا کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی دواکەوتوی کوردیش زیاد بوو بۆ لیستەکەی مافی مرۆڤی یو ئێن.

بارزانی ئەڵێ ئاڵای بەعس هەڵناکەین، بەڵام ئەوا 15 ساڵە و تا ئێستاش هەر یاساکانی بەعس پەیڕەو ئەکەن و بە سەر خەڵکیاندا سەپاندووە!؟

2006/10/16